www.kurdistannet.org
2-10-2006 12:27بـەکاتـی ناوەندی ئـەورووپا

# حوكمی گرتن و زیندانی كردنی سەرۆكی ڕێكخراوی مافی مرۆڤی كوردستان دەبێ هەڵوەشێتەوە!

هـاو نیشتمانان!
كۆڕوكۆمەڵە نۆرویژیەكانی لایەنگری مافی مرۆڤ!

كاربەدەستانی دەوڵەتی كۆماری ئیسلامی، لەدرێژەی بردنەپێشی سیاسەتی زەبرو زەنگ نواندن و تۆقاندنی خۆیاندا لە كۆردستانی ئێران، شەپۆلێكی دیكەیان لە گرتن و راونانی لایەنگرانی ماف وئازادی یە كانی خەڵكی كوردستان دەست پێكردوە.

تێكۆشەرانی ڕێكخراوی مافی مرۆڤی كوردستان وسەرجەمی رێكخراوەكانی دیكەی كۆمەڵگای مەدەنی، ئەمجاریش لە ریزی پێشەوەی ئەو كەسانەدان كە دەزگای سەركوتی رێژیم، بە بیانوی جۆراو جۆر دەیەوێ بۆ چاو ترساندنی خەڵك و پێشگرتن لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵكی كوردستان، ڕەوانەی زیندان و چاڵەرەشەكانی خۆیانیان بكات.

لە چەند هەفتەی رابردودا دادگای سنە حوكمی گرتن وزیندانی كردنی ئاغای محممەد سەدیق كەبودوەند، سەرۆكی ڕێكخراوی مافی مرۆڤی كوردستانی دەركردوە. ناوەندی هاوكاری كۆمەلەكوردییەكانی كوردستانی ئێران لە نۆروێژ، حوكمێكی لەو چەشنە راستەوخۆبە پەلامار بۆسەر مافەكانی مرۆڤی كورد وتێكرای بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی كوردستان لە قەڵەم دەدا.

هەر بۆیە داوالە خەڵكی كوردستان، كۆمەڵگای كورد لە نۆروێژ ورێكخراوەمرۆڤ دۆستەكانی نۆرێژبە تایبەتی دەكەین كە بە ناردنی نامە، فاكس و مەیلی ئیعتڕازی، یا بە هەرجۆرێكی دی كە بۆیان دەلوێ، دەنگی نارەزایەتی و بێزاری خۆیان بەرامبەر بەو حوكمەنارەوایە دەربڕن و دەزگای قەزای ڕێژیم ناچار بە هەڵوەشاندنەوەی بكەن.

ڕێكخراوی مافی مرۆڤی كوردستان و سەرۆكەكەی جگە لە خزمەت بە خەلكی كوردستان ومافی مرۆڤ تاوانێكی دیكەیان نیە و دیفاع كردن لە وان ئەركێ نیشتمانی و خەباتگێرانەی هەمووانە.

سڵاو لە تیكۆشەرانی رێگای دابین و دەستەبەركرنی مافی مرۆڤ لە كوردستانی ئێران.

ناوەنی هاوكاری كۆمەڵەكوردییەكانی كوردستانی ئێران لە نۆروێژ
ئۆسلۆ 25-Sep-06 ،